# ئاڵەکۆک

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی

خاکەلێوەی ۸۴

## تایبەتی منداڵان

ویژە

ماهنامه اجتماعی، فرهنگی، ادبی



## نەورۆزتان پیرۆز





خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران
فەرەیدوون حەکیمزادە
یوسف فازلی
تەرراحی و رازاندنەوە: ئیبراهیم مەعرووفی
تایپ: جەواد عەلیپوور
چاپ: نەشر ڕەهرەو مەهاباد
سەندووقی پۆستی ٣٥٧ مەهاباد

# ئاڵەکۆک

تایبەتی منداڵان

گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی



## پشیلە

پشـــی پشـــی پشـیلە　　چـــاوی جـوان و زەردیـلە
لە نــاو مــاڵ و کــۆلانـا　　لە ســـەربان و دالانـــا
دایـــمە مــڵ و مـۆیـەتی　　فکـــری زگـــی خـۆیـەتی
دەسـتی کـەوێ تـۆسـقاڵێ　　گـــۆشـتی مـریشـکی مـاڵێ
یـان لە گـۆشـە و کـەنارێ　　بـدزێ جـووجک بـە جـارێ
یـان بـچێتـە سەر حەوزان　　دەرێنێ ماسی جـوان جـوان
یـــان لە کـەلێن و قـوژبن　　بـرفێنێ مشکـی خـڕپن
ئـەی پشـیلەی موو بـەلەک　　دەس هـەلگـرە لە کـەلەک
ئـەی تـالانچی بـێ سـفەت　　چـیتر مـەبە چـاوبەسـت



## مێروولەم

مـێروولەم و مـێروولەم　　وردیـــلەم و بـــچکۆلەم
دەست و لاقـــم بـــاریکە　　شـــارەکـەی مـن تـــاریکە
نــان کــۆ دەکـەم بـۆ زستان　　بـەفر دەگـرێ دەرک و بـان
زســـتانێ بــێـمـــە دەرێ　　دەسـت و پـێم هـەڵدەوەرێ
مـــێروولەم و مـــێروولە　　خـــۆشـم نـــاوێ مـێشـوولە

## نارین و هاوڕێکانی

ڕۆژێ کە نارین ڕۆیشت بۆ قوتابخانە، لە بیری چوو دەفتەرەکەی بەرێ. هەر بەم بۆنەشەوە مامۆستا لێی توورە بوو. نارین کە ڕقی هەستابوو لە گەڵ کەس یاری نەدەکرد. زۆر ناڕەحەت بوو کە تەنیا بۆ یەکجار دەفتەرەکەی لە بیر چوو بوو. نارین قوتابییەکی چالاک بوو. کە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ دەرسەکەی نووسییەوە و زۆر بە هێمنی بەرنامەی دانا و بە دایکی وت: دایە ئەورۆ دەڕۆم بۆ کۆڵان. دایکی وتی بەڵام زۆر لەوێ نەبی، زوو بگەڕێوە. پاش ماوەیەک کە دایکی لە پەنجەرەوە تەماشای کرد، بینی کە کچەکەی لە گەڵ هاوڕێکانی شەڕ دەکا. دڵی زۆر لە نارین ئێشا و لە بە ر خۆیەوە وتی: ئەوە بۆ شەڕ دەکا؟ دایکی نارین بە خێرایی بانگی نارینی کرد و وتی: نارین وەرەوە بۆ ماڵێ کارم پێتە. نارین وتی بە سەر چاو دایە ئەوە هاتم. کە نارین ڕۆیشتەوە دایکی وتی: ڕۆڵە ئەوە بۆ شەڕ دەکەی؟ نارین هەموو باسەکانی قوتابخانەی بۆ دایکی گێڕاوە. دایکی وتی ڕۆڵە جارێکی تر هیچت لە بیر نەچێ و هەروەها لە گەڵ هاوڕێکانت شەڕ مەکە. بڕۆ بۆ کۆڵان بە هاوڕێکانت بڵێ بمبوورن. نارین بە خۆشحاڵییەوە ڕۆیشت بۆ کۆڵان، بە هاوڕێکانی وت بمبوورن، زۆرم ئێوە ناڕەحەت کردووە، زۆرم ڕق هەستابوو، چونکە دەفتەرەکەم لە بیر چووبوو، ئێستاش لێم توورە مەبەن. هاوڕێکانی وتیان ئێمە لە تۆ خۆش بووین. پاشان هەموویان بە خۆشحاڵی دەستیان کرد بە یاری و دایکی نارینیش ئیتر دڵی لە نارین نەئێشا.

بەپوولە سادقی

# مشک

دایکی هەستی کردبوو هیوا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە. چەند جار لە هیوای پرسیبوو جێگایەکی دێشێ؟ بەڵام ئەو جوابێکی باشی نەدابۆوە لە قوتابخانەش مامۆستای هیوا، دەیزانی هیوا وەک جاران دەرسەکانی جواب ناداتەوە. شەوێک دایکی هیوا لە گەڵ باوکی باسی هیوایان کرد. دایکی دەیگوت: "ئەو ژوورەی کامپیوتێرە تازەکەمان لێداناوە هیوا بۆ لای ناچێ. سەیرە." دوای ماوەیەک باوکی پرسیاری لێکرد هیوا گیان بۆ ناچی بۆ لای کامپیوتێر و کاری پێ ناکەی؟ هیوا گوتی: مشکی لێیە. باوکی گوتی: "کوڕم مشکی چی؟" هیوا گوتی: مشکی ڕەش. باوکی لە سەرەخۆ هەستا چووە نێو ژووری کامپیوتێر و چاوی پێداگێرا. چاوی بە ماوسی ڕەشی کامپیوتێرەکە کەوت. ماوسەکەی لە کامپیوتێرەکە کردەوە و هێنای بۆ لای هیوا. ڕووی لە هیوا کرد و گوتی: کوڕم بەمە دەڵێی مشک. هیوا گوتی: ئەرێ. باوکی بیری کردەوە دەبوو وردە وردە هیوای ئاشنا بە کامپیوتێر کردبا. ڕووی لە هیوا کرد و گوتی: تۆ ڕاست دەکەی ئەمە مشکە. بەڵام نە مشکی ڕاستی. مشکی نایلۆنی. ئەگەر پێت خۆشە لەم مشکە نەقاشییەک بکێشەوە بیبە بۆ قوتابخانە با ئەوانیش بزانن مشکەکەی تۆش مشکی ڕاستی نیە.

ئاڵەکۆک



## فیتنە

(فۆلکلۆر)

حەکایەتێک بوو سەڵەم بوو
کیسەڵ کەوای دروو بوو
مریشکە قولە خەسوو بوو
وتی ئەگەر گولەکەم نەدەنێ

ئاو لە گولان کەلەم بوو
قرژاڵ لانکی لە دوو بوو
مشک هاتە بەر کونێ
هەڵدەکەمە فیتنێ

دیاری مەحموود پێدڕام

وەڵامی دروستی لاپەڕە ٤

١- ج ٢- ج ٣- د ٤- ٩



شیبا ئیسماعیلزادە



کامیار ساڵح ئاسیابان



ئاروین عەزیزی

ساناز ئاسیابان



پەریا چەڵەبی



پەریا چەڵەبی

١-له جێی نووعه لامه تی پرسیار چ ژوماره یه ک داده ندرێ ؟

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | ؟ | ٨ |
| ١١ | ٩ | ؟ |
| ١٠ | ٥ | ١٢ |

ئا ) ١١ و ٨
ب ) ١٢ و ٨
ج ) ١٣ و ٧
د ) ١٤ و ٧

٢-له و چوار ره سمانه کا مه یان وه ک ئه وانی تر ناچێ ؟




ئا ) ١
ب ) ٢
ج ) ٣
د ) ٤

٣-یه کێک له وانه دروست نیه ، بیدۆزنه وه ؟




ئا ) ١
ب ) ٢
ج ) ٣
د ) ٤

٤-له جیاتی عه لامه تی پرسیار چ ژوماره یه ک ده کرێ ، دلینێ ؟

١٢٣٤٥٦٧٨٩

؟

١٠١و١١١و١١١و١






# تاک و جووت بوون

هەتا زەنگی قوتابخانە لێدەدرا و قوتابییەکان بەرەو ماڵ دەچوونەوە. ١ تاک و تەنیا وەڕێ دەکەوت هیچ کات پێی خۆش نەبوو دۆست و تاواڵی کەس بێ. ئەوانیتر یا ٢ و ٢ یا ٣ و ٣ دەچوونەوە یا لە حەوشەی قوتابخانە کایەیان دەکرد. ڕۆژێک سێ هاوپۆلی چوون بۆ لای ١ و پێیان گوت بۆ نایەی لە گەڵ ئێمە بی. ئەگەر تۆ بێی دەستەی ئێمە ڕێک و پێک دەبێ. ١ نێو چاوانی تێک نا و جوابی نەدانەوە. هاوڕێکانی لەم ئەخلاقەی زۆر ناڕەحەت بوون. نەیاندەزانی ١ بۆ نایێتە تاواڵیان، تەنیا دەیانزانی کایەکانیان بەبێ ١ کەم دێنێ. ڕۆژێک لە گەڵ مامۆستاکەیان باسی وەزعی ڕووحی ١یان کرد. مامۆستا لە سەر داوای تاواڵەکانی نامەیەکی بۆ دایک و بابی ١ نارد. دوای هاتن و چوونەوەی دایک و بابی ١، مامۆستا لێی حاڵی بوو، ١ حەسوودی بە ٢ یا ٤ یا ٦ و ٨ دەکا و پێی خۆشە بچێتە دەستەی ئەوان. دەزانێ ئەوان پێکەوە وەک برا جووتن. ئەوانیش نایانهەوێ ١ لە نێو دەستەی ئەوان دابێ،چون دەستەکەیان تەواوە و کەس وەرناگرن. ١ لە لایەکی تر ڕقی لە زاتی تاک بوو نەیدەویست وەکوو٣ یا ٥ یا ٧ یا ٩ بێ.

ڕۆژێک مامۆستا زەنگی وەرزیش منالەکانی کۆ کردەوە و پۆلی بە ٢ یا ٣ یا ٤ یا ٥ دابەش کرد. بۆ ئەوەی ١ ئاگا بکاتەوە و لێی حاڵی بێ، تاک چۆن جووت دەبێ و جووت چۆن تاک دەبێ،منالەکانی لە حەوشەی قوتابخانە کۆ کردەوە. مامۆستا منالەکانی بە ٢ یا ٤ یا ٦ یا ٨ دانا یا ١ و ٣ و ٥ و ٧ و ٩ دانا. یەکەم جار بە ١ی گوت بڕۆ لە گەڵ ٢ کەس ڕاوەستە. ئەمجار ڕووی لە ١ کرد و گوتی: تۆ زۆرت پێ خۆش بوو لە گەڵ ئەم ٢ کەسە بی، بڵێ بزانم ئێستا چەند کەسن؟

١ گوتی: ٣. مامۆستا گوتی: دەی ئێستا هەڵێ بۆ لای ئەو ٣ کەسە. ١ ڕۆیی لە گەڵ ٣ کەس ڕاوەستا. ئەمجار مامۆستا لە گشتیانی پرسی: ئەگەر ١ لە گەڵ ٣ کۆ بێتەوە دەبێ بە چەند؟ گشتیان گوتیان: ٤. ئەمجار مامۆستا ڕووی لە ١ کرد، گوتی: تۆ کە چووی بۆ لای ٢ تاواڵەکانت بوون بە ٣. ئێستا ئەگەر تۆ یانی ١ لە ٢ کەم بێتەوە ئەوان دەبن بە چەند؟ گوتی: ١. مامۆستا ڕووی لە قوتابیان کرد و گوتی: ١ بۆ ئەوەی جووت بێ دەبێ لە گەڵ کامەیان بێ؟ گوتیان: ٣، ٥، ٧، ٩.

جا مامۆستا هەر جارەی ١ی نارد بۆ لای دەستەیەک. مامۆستا دوای ماوەیەک کۆتایی بە کایەکە هێناو ئەم دەرسەی بۆ دادان.

| | | |
|---|---|---|
| ١ + ٢ = | ١ + ٣ = | ١ + ٤ = |
| ١ + ٥ = | ١ + ٦ = | ١ + ٧ = |
| ١ + ٨ = | ١ + ٩ = | ٢ - ١ = |
| ٣ - ١ = | ٤ - ١ = | ٥ - ١ = |
| ٦ - ١ = | ٧ - ١ = | ٨ - ١ = |

دوای ئەم کایە ١ بیری لە خۆی کردەوە بۆ تا ئێستا قەدری خۆی نەزانیوە. دەی مامۆستا ڕاست دەکا. من دەبێ تاواڵی ٣ یا ٥ یا ٧ یا ٩ بم تا لە دەستەیەک دا کۆ بینەوە هەتا جووت دەربێین. ژیانی تاک بۆ ئینسان نەهاتووە.

لەم ڕۆژەوە تا ئێستا ١ لە گەڵ ٣ و ٥ و ٧ و ٩ کایە دەکا و لە گەڵ ئەوان جووت دەبێ. جا تاکەکان لە لایەک، جووتەکانیش لە لایەکی تر دەبن و کایەی دەکەن.



ئاڵەکۆک

# چلی تەنیا

سەعید عەبدولقادر سەمەدی



لە بلیندایی بەرزە شاخێک تاقە چلەدارێک شین ببوو. زستان بوو. بەفر تەواوی وڵاتی داگرتبوو. چلەدار لە سەرمان ڕەق هەڵاتبوو. بەڵام ئێستا گیانی لەبەر دامابو و لە گەڵ سەختە سەرمای زستان بەربەرەکانی دەکرد. چلی تەنیا، بێ کەس و بێ هەواڵ و خەفەتبار بوو.

ڕۆژێک باڵندەیەکی بچووک تەنگە نەفەس گەیشتە جێ و لە سەر چلەدارەکە نیشت. چلەدار لەرزا و باڵندە ترسا! بەڵام زوو وەبیری هاتەوە کە باڵی هەیە و ترس لە کەوتن لەخۆڕاییە!

چلەدارەکە لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ قاچەکانی چەن گەرمن! هەرچەند قورسایی ئەو بۆ لەشی کز و لاوازی من قورسن بەڵام خۆی لە بەر رادەگرم. چون دیارە ماندووە و لە ڕێیەکی دوورەوە هاتووە!

باڵندە چکۆلیش لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـ دیمەنێکی چەند جوانە! حەیف ئەو چلەدارە تاق و تەنیا و بێ ئاواڵە! بریا توانیبام لە تەنیایی ڕزگاری کەم!

چلی تەنیا لە ژێر قورسایی باڵندەکەدا ماندوو ببوو! بەڵام هەروەکوو لە بەرامبەر سەرما و سەخڵەتی زستان بەربەرەکانی کردبوو بە باشتری زانی کە لێرەش‌دا بەربەرەکانی بکا و پیاوەتی و ئازایەتی خۆی هەڵسەنگێنێ.

باڵندە بچکۆل کە ماندووی حەسابۆوە لە جوانی ئەو دیمەنە بەرزە دڵ خۆش بوو و دەستی کرد بە خوێندن.

چلی تەنیا هێندەی دەنگی ئەو باڵندەیە پێ خۆش بوو لە خۆشیان ماندویەتی خۆی لە بیر چۆوە.

ئـەو هـاتوچۆیـە هـەموو ڕۆژێ دووپات دەبۆوە.

بـەهار هـات و هـەموو وڵات بـوژایـەوە! هەردووکیان بیوونە ئاواڵ دەستیان دابۆوە دەستی یەک و بۆ داهاتووی خۆیان نەخشەیان دادەڕشت. چلی تەنیا بەڵێنی دابوو ڕیشە لە عەرزدا کوتێ و ببێتە دارێکی گەورە و بە هێز و باڵندە چکۆلیش بەڵێنی دابوو کە لە نێو ئەو دارەدا هێلانە بکا و هەرگیز بەجێی نەهێڵێ. بەڵام «با» حەسوودی بەو خۆشەویستییە پاکە هات و چاوی دیتنی شادی و خۆشی ئەوانی نەبوو. تەمای گرت لێکیان بکات و بە هەر جۆرێک بێ بەینیان تێک بدا. قەڵسێتی خۆی بە کزە بایەک دەست پێکرد!

بەڵام مەل و چڵ گوێیان بەو کزە بایە نەبزووت. «با» قەڵستر بوو، هێزی خۆی زیاتر کرد! چلی خوار کردەوە و مەلی ترساند. مەلی بچوک کە خۆی لە مەترسی دا دی هەڵفڕی و لەوێ دوور بۆوە...

«با» بە ئامانجی خۆی گەیشت. ئەمجا وێستا!

مەلی ساکار زانی بە فریو چووە! بیری کردەوە و



تێگەیشت کە باڵەکانی گەلێک لە با بەهێز ترن. هەر چەند «با» بەهێزتر بێ توانای هەڵفڕینی پتەوتر دەبێ و سووک‌تر و بەرزتر دەفڕێ!

جا کە دیتی وایە، هێزێکی نوێ هاتەوە نێو لەشی. بە ئازایی تەواو گەڕاوە لای ئاواڵەکەی. چلی تەنیا کە خۆشەویستەکەی هاتەوە لای، دڵی شاد بوو مەلی بچووک تکای لێبووردنی لە چلی تەنیا کرد کە لە کاتی مەترسی دا بەجێی هێشتبوو و بەڵێنی دایە کە ئیتر هیچ کات بەجێی نەهێڵێ و لەوەو بەدوا دۆستی بەڕاستی و یاریدەدەری بێ.

«با» کە دیتی مەل و چل جارێکی‌تر هاتنەوە لای یەکتر. زۆر تووڕە بوو. بە تەواوی هێزی لەشی هات و بوو بە تۆفان! چلی خوار کردەوە ... چل خۆی ڕاگرت بەڵام «با» توندتر بوو و لە ئەنجام دا هەڵیقەند! ... مەلی بچووک کە ئیتر ترسی لە با و تۆفان نەمابوو، ڕای کرد و چلی بە دندووک گرت و لە نێو تۆفان دا هەڵفڕی. هەرچی کە «با» تووڕەتر دەبوو و تووندتر دەهات مەل و چلی بەرزتر دە کردەوە!

مەلی ئازا کەڵکی لە هێزی «با» وەرگرت و ئەوەندە بلێند فڕی چلی لە بەرزایی نێو دارەکانی سەر چیاکان‌دا چاند.

چلی تەنیا کە ئیتر لە نێو ئەو جەنگەڵە پڕدارەدا تەنیا نەبوو زۆر زوو ڕیشەی لە عەرز داکوتا و بوو بە دارێکی ئەوەندە بەرز و بە هێز کە نە تەنیا مەلی ئاواڵی بەڵکوو سەدان و هەزاران باڵندەی ڕەنگاو ڕەنگی تر لە نێو چلەکانی گەورە و بچووکی دا هێلانەیان کرد...







«چەند قسەی خۆش بۆ منداڵان»

ماموستا: بلێ بزانم خۆشترین ڕۆژ کەنگێیە؟

منداڵ: ئاغا ئیجازە، ئەو ڕۆژەیە بەفر دەبارێ و نایەینەوە مەدرەسە.

ماموستا: هیوا وەرە دەرسەکەی دوێنێ وەخوێنە بزانم.

هیوا: ئاغا گیان بە قەولی بابم دەڵێ «کای کۆن بەبا مەکە».

ماموستا سفری بۆ دادەنێ.

هیوا دەڵێ: ئاغا چەندەت بۆ دانام؟

ماموستا: بە قەولی بابت کای کۆن بە با مەکە.

ماموستا: باشە کاوە ئەی من نەمگوت نەقاشییەکە بکێشەوە، خۆ کاغەزەکەی تۆ هەر سپییە؟

کاوە: نەقاشییەکەی من دەشتێکی خۆشە بەڵام ئێستا زستانە و بەفری لێ باریوە، ڕاوەستە بەهار بێ بزانە چۆن سەوز دەبێ؟

ماموستا: دەی باشە قەی ناکا کاوە گیان، ئەمن جارێ سفرت بۆ دەنووسم جا بەهارێ ئەگەر سەوز بوو نمرەت بۆ دادەنێم.

سەلام پارسا



## خۆر:

خۆر ئەستێرەیە، وەک تەواوی ئەستێرەکانی‌تر کە لە شەودا دەدرەوشێنەوە. بەڵام وا بیر نەکەنەوە کە خۆر لە هەموو ئەستێرەیەکی گەورەترە، نا، خۆر ئەستێرەیەکی نە زۆر گەورەیە، نە زۆریش بچووکە. زۆریش پیر نیە، دەڵێن ۴ ملیارد و چەند ملیۆن ساڵێتی.

ناسنامەی خۆر: ( ۱ ـ ناو : خۆر، ۲ ـ تەمەن: ۴ ملیارد، ۳ ـ ئادرێس: ڕێگای مەڕی)

خۆر سەرچاوەی تینی زەوی ئێمەیە. ئەوە هێزی خۆرە کە هەموو شتێک لە سەر زەوی کۆنترۆڵ دەکا. خۆر نزیکترین ئەستێرەیە (بۆیە لە ئەستێرەکانی دیکە گەورەتر دیاری دەکا و تینی دەگاتە ئێمە). زانایان لە سەر بنەمای ئاڵوگۆڕی فیزیکی خۆر باس لە چۆنیەتی لە دایک بوونی ئەستێرەکانی دیکە دەکەن، یا کەنگێ ئەستێرەیەک دەمرێ (لە وانەیە پێتان سەیر بێ بەڵام ئەستێرەکانیش وەک هەموو شتێکی‌تر ڕۆژێک لە دایک دەبن و ڕۆژێکیش دەمرن.)

## لایەکانی دەرەوەی خۆر:

ئێمە تەنیا دەتوانین لایەکانی دەرەوەی خۆر ببینین. لایەکانی خۆر بریتین لە: فتۆسفێر، چرۆمۆسفێر، کرۆنا

ئەم سێ بەشە لە یەک جیاوازن.

### فتۆسفێر:

ئێلێمێنتەکانی کیمیایی زەوی و خۆر هەر یەکن. مەبەست ئەوەیە کە هەرچی لە نێو زەوی هەیە، لە نێو خۆریشدا دەدۆزرێتەوە. بەڵام لە خۆردا هەموو شتێک گازە، چوونکە خۆر زۆر گەرمە بۆیە ئێمە ناتوانین سنوورێکی تایبەتی بۆ خۆر دانێین. هەرچی لە ناوەندی خۆر نزیکتر بینەوە گازەکان فشۆردەتر دەبن. گەرما لەو بەشەدا ۶۰۰۰ هەتا ۴۵۰۰ کلوین دەبێ.

### چرۆمۆسفێر:

ئەو گازانەی کە لە فتۆسفێر جیا دەبنەوە و لە فەزادا بڵاو دەبنەوە، بەشێک بە ناوی چرۆسفێر ساز دەکەن. ئەو گازانەی کە چرۆسفێر پێک دێنن ۲۵۰۰ کیلۆمیتر ئەستوورن. گەرما لەم بەشەدا زۆر دەچێتە سەر. لە ساردترین حاڵەتدا ۴۵۰۰ و لە گەرمترین حاڵەتدا دەگاتە ۱۰۰۰۰ کلوین.

### کرۆنا:

پاش ئەوەی لە چرۆسفێر تێپەڕین، دەگەین بە ئاخرین لایەی دەرەوەی خۆر، کە پێی دەڵێن کرۆنا. کرۆنا بە ملیۆن کیلۆمیتر لە فتۆسفێر دوورە. کاتێک ڕۆژ دەگیرێ ئێمە زۆر بە جوانی دەتوانین کرۆنا ببینین. گەرمای کرۆنا دەگاتە بە ملیۆن کلوین.

### تۆفانی خۆر:

تۆفانی خۆر شتێک زیاتر لە جموجۆڵی گازەکانی خۆر نیە، کە بە خێرایی ۴۰۰ کیلۆمیتر لە چرکەدا دەڕۆن. هۆیەکەشی گەرمای زۆری خۆرە.

### پنۆکەکانی خۆر و خولانەوەیان:

ئەو پنۆکانی کە لە سەر خۆر دەبیندرێ، بەشێک لە خۆرن کە لە بەشەکانی‌تری خۆر فێنکترن. ئەو پنۆکانە تەمەنێکی کورتیان هەیە. ئەندازەی ئەو پنۆکانە جاری وایە زۆر گەورەیە و دەگاتە ۵۰۰۰۰ کیلۆمیتر.

لاوێن ئیسماعیلی



# دایک...

منالێکی ساوا بووم
کەی وەک ئێستاکە وا بووم
دایکم بە خێوی کردم
ئەو نەبوایە ئەمردم

بە لای‌لایە و گۆرانی
ڕایژانووم تا بەیانی
بە شیری مەمکەکانی
منی بە بەرهەم هانی

ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم
لە باوەشیا دایناوم
بەرگ و جلی بۆ شتووم
خزمەتی زۆری کردووم

چاکەی وا لە بەر چاوم
هەتا لە دنیا ماوم
ئەبێ دڵی نەشکێنم
ئارەزووی بە جێ بێنم

فایق بێکەس



هەواڵنامەی کتێب


گدیلە
GIDILE
١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی
DAPÎR Û SAPÎR
هەنگ